# "نـــــا" ووتن بۆ گاڵتەجاری هەڵبژاردن،
# "نـــــا"یەکە بۆگیرانەوەی پەنابەرانی کوردو عیراقی

## پەیامی دەشتی جەمال بۆ پەنابەران

بۆ جاری دووەم پرۆپاگەندەی پرۆسەی بەناوی هەڵبژاردن لەعیراق وکوردستان ولەدەرەوەی ولاتیش لەلایەن حیزبەکانی دارو دەستەی ئەمریکا دەستێ پێکردۆتەوەو ،داوا لە تەواوی پەنابەران دەکەن بەرەو سندوقەکانی دەنگدان بچن وبەشداری بکەن ،بەم شێوەیەش گەرەکیانە حکومەتێکی عروبی ئیسلام داسەپێنن و ئایندەیەکی تاریك رووبەرووی خەڵکی عیراق و کوردستان بکەنەوە. ئایندەیەك کەتراژیدیا وسەرکوت و دڵەرواوکی، تیرۆر و نائەمنی و کوشتن وشەری خۆێناوی وگەندەڵی زیاتر ببێتە نەسیبی کۆمەلانی خەڵکی و کۆمەڵگا موحتاجی نان ئاو کارەباو خزمەتگوزاریە سەرەتایەکان بکەن. ژنانو لاوان پیرو پەکەوتەی ئەو کۆمەڵگایە لەوەش زیاتر کەهەیە زەلیل بکەن. دەستوور و قانوونەکانی شەریعەتی ئیسلامی بکەنە پیوانەیەك بۆماف وئازادیەکانی فەرد لەکۆمەڵگادا و دەرگا بەرووی سەرەتایترین ماف وئازادیە مەدەنی وشەخسیەکان، لەئازادی جلو بەرگ پۆشینەوە تا ئازادی رێکخراوەبوون ونارەزایەتی دەربریین دابخەن وبەمجۆرەش خەندەو خۆشی بخنیکینن.

لەم هەڵبژاردنە بەشداری مەکەن، ئەمە هەڵبژاردن نی یە پرۆسەی دابەش کردنی نفوس و دەسەلاتە بۆ دابەش کردنی سەروەت و سامانی کۆمەڵگا. ئەمە ئەلەقەیەکی ترە لەنەخشەو سیاسەتەکانی ئەمریکا ودەست و پیوەندە کانی لەراستای ژیر پێنانی ئیرادەی خەڵکی عیراق و کوردستاندا. ئەمە ریگای بردنی خەلکە بۆ نیو تاریکستانی تونێلێك کە دەسەلات وبەدیلی کۆنەپەرستی و قەومی –ئیسلامی دینێتە دی.

بەشداری مەکەن ،ئەم گاڵتە جاری یە کێش مەکیشی قەومی تایفەی و عەشیرەتی توونڈ تر دەکاتەوە، دەنگ مەدەن بەحکومەتێکی عروبی ئیسلامی ،دەنگ مەدەن بە ئیلحاقکردنەوەی بەزۆری کوردستان بەدەولەتێکی قەومی_ئیسلامی وفاشییەوە .

دەگیان پێ مەدەن ئەوانەی سەروەت و سامانیی کۆمەلایەتیان قرۆخ کردوە وگەندەڵی پەرە پێ دەدەن، ژیانی کۆمەلگا لەوە باشتر ناکەن کەهەیە و بگرە ئایندە بەرو هەڵدیر و نەهامەتی زیاتر دەبەن.

دەنگیان پێ مەدەن تا فرۆکەخانەکانیان نەخەنە خزمەتی دەولەتەکانی ئەوروپا بۆ ناردنەوەی پەنابەران. دەنگیان پێ مەدەن ئەمانە سەرچاوەی رووکردنە هاندەران و دابرینی ئیمەن لەعەزیزان و خۆشەویستانمان .

دەنگ مەدەن ،ئەمانە سات و سەوداو بازرگانی بەژیان و چارەنووسی ئێمەی پەنابەرانەوە دەکەن

دەنگیان پێ مەدەن لەپەنجە مۆوری ئێوە ئیستیفادە دەکەن تا شەرعیت بدەن بەناردنەوەی بەزۆری پەنابەران و بلین کوردستان "دیموکراسیە"!

دەنگیان پێ مەدەن بەهانە مەدەن دەست وولاتە ئەوروپایەکان بۆ ناردنەوە پەنابەران. دەستی سیاسەتی دژ پەنابەری دەولەتانی ئەورووپاو بریتانیا بەسەرخۆتانەوە زیاد مەکەن.. ئێوە هیزێکن دەتوانن لەگەل هیزی ئازادی خواز پێشکەوتووخوازی ئەم وولاتانە بۆ بەرگری لەخواستە ئینسانی یەکانی خۆتان و مافی نیشتەجێ بوون و مافی هاوولاتی یەکسان و دژ بە راسیستی و نەژاد پەرستی روڵی گەورە بگێرن.

لە بەرپاکردنی رفراندۆم لەپێناو جیابوونەوەی کوردستان و پیکهینانی دەولەتیکی سەربەخۆدا. بەشداری بکەن .

ریگای هەڵبژاردن و دەنگدان ریگای یەکیتی وپارتی و گیرفان پرکردن و پیکهینانی سەروەت و سانی ئەوانە و ریگای نەگبەتی و ئاوارەیی و دەربەردەیە بۆ ئێمە.. ئەم ریگایە ریگای ئیمە نیيە. دەبێ هەمووان بە بەشداری نەکردن و نەچوونمان بۆ دەنگدان ئەم سیناریۆیە بەشکست دا بکێشین.. ئەمە هەنگاویکە لەخەباتیکی شورشگیرانەو ئازادی خۆزانەی لاوان و خەلکی هەژاری کوردستان رووەو دامەزراندنی کوردستانیکی سەربەخۆ وئازاد و خۆشگوزەران بۆکەس و کارمان. دەنگ مەدەن و بەشداری مەکەن.. ئەمە تەنها هەڵویستیکە لەسەر ریگای خەبات بۆبەدیهنانی خۆاستەکانی پەنابەریمان.

**بژی بزوتنەوەی پەنابەران**..

**شکست بخوات هەڵبژاردن و سیاسەتی کۆنەپەرستان**.

**2005-12-12**